# جەهەننەم تەنها بۆ مەلا نەزانەکانە

مێژووناس
ناسر عەزیز هۆرامی

من نازانم ئەم مەلاییانە، چییان لە خەڵک دەوێت، ئایا ئەزانن ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، ئاینەکانی دی بۆچی هاتوونەتە خوارەوە؟! بێگومان بۆ ئاسودەیی و، خۆشبەختی مرۆڤ، هاتوونەتە خوارەوە، هەرچی شتێک زەرەری مرۆڤی تێدابێت، بێگومان حەرامە وە بەپێچەوانەوە حەلاڵە، ئەمە کرۆکی ناوەوەی ئایینە پیرۆزەکانە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە.

بەڵام مەلایێک بۆبەرژەوەندی خودی خۆی، ئایینی ئیسلام ئەشێوێنێت، ئەمە شتێکی ترەو خواش پێی ناخۆشە، من تەجرووبەییکی زۆرو، قسەو باسی مەلاکانم لاییەو، کە کفر ئەکەن و کەسێک نییە ڕاییان گرێتو بڵێ کش مەلا. من نازانم ئەم مەلاییانە هەتا کەی شووڵی لێ هەڵئەکێشنو کەسیش فزەی لێووە نایێت نا...نا برا لەمەو لا، لەو مەلا نەخوێندەوارانە بێدەنگ نابین.ئەبێت ئەوە بزانن کە ئایینی ئیسلام، بۆ خێروو خۆشی مرۆڤ هاتوەتە خوارەوە. مزگەوت ئەمنە سوورەکە نیە. ماڵی خواییە پێویستە هەمو موسڵمانێک، مانای قورئانوو ناوەڕۆکەکەی بزانێت. وەبە گوێرەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، هەڵسوکەوت بکەین،ئەوەیی کە مانای قورئان نازانێت، تەنها مەلا نەخوێندەوارەکانن،{ڕۆژئاواییەکان کەئێمە پێیان ئەڵێین کافر لەئێمە زیاتر گرنگی بە ئایەتەکانی قورئانی پێرۆز ئەدەن.لەم ماوەیەی دواییدا هەلساون بە لێک دانەوەی یەکەم ئایەت کە هاتوەتە خوارەوە اقرء باسم ربک الذی خلق.......دوای کەشف کردنی ئەم سوورەتە کە باسی( علق) ئەکات کەباسێکی زۆر دووروو درێژە زانایەکی کەنەدی لێیان پرسی، کەواتە ئەتوانی بڵێیت،[محمد رەسول الله] لە وەڵامدا وتی بێگومان! وایە وتیان کەواتە تۆ موسڵمانیت وتی بەڵێ }. هەمووئەوانەی کە قوورئان بۆ خزمەتی خۆیان لێک ئەدەنەوە، لە مانای ئەسلی لا ئەدەن.ئاخر من مەلام دیووە وتوویەتی، تەلاق بە مریشکێکی کوڵی ڕەش چاک ئەکرێتەوە، ئەگینا نابیتو چاک نابێتەوە، ئەبێت مریشکەکەش مەلا بیخوات.

من مناڵبووم لە تەوێڵە، مەلاکان شکاتیان لە مامۆستاییکی قوتابخانە کردبوو، وتبوویان ئەبێت بە دیار هەمو خەڵکەوە بیخەنە ناو حەوزی مزگەوتەوە، چوونکە کفری کردوە......گوێ بگرن بزانن کفری ئەم مامۆستا بەڕێزە چی بووە.؟ لە ئیخباری رادیۆ بیستبووی، گە بۆ یەکەم جار زانایێکی ڕووسی[گارگارین]جوەتە سەرمانگ ئەویش ئەم خەبەرەی بۆ خەڵک گێرابوویەوە......سەیرو سەمەرە ئەوەبوو، بەرحمەت بێت، فەتاح ئاغا ئەو کاتە ئامر هێزی خەبات بوو، ئەوێش خەریکبوو بە قسەی مەلاکانی ئەکرد، بەهەزار حاڵو ئەمسەرو ئەوسەر، هەتا وازیان لێهێنا.ئەوەیە مانگ کە ئێستە خەریکە سەفەریشی بۆئەکەن.ئەمە مەلاکانن ،سیر ئەوەیە مەسوولینیش دێن بە داوایانەوە.
ئاخر دراماییکی ئاریا، کەدڵی ملیۆنەها خەڵک خۆشئەکاتو، ئێمە خوا خوامانە کەی سەعات نۆ بێت، تا سەیری بکەیین. .ئاخر ئێوە دڵی ملیۆنەها خەلکتان ناخۆشکرد. خوا حقتان لێبسەنێت.خۆ ئێوە خوانین! هەتا محاسەبەی خەڵک بکەن، ئەگەر گوناحبێت خوا خۆی محاسەبەمان ئەکات.

فردەوسی ئەفەرمویت:-{ مەی بخور میمبەر بسووزەن مەردم ئازاری نەکون}،ئەو فەلسەفەی ئایینی پیروزی ئیسلام لێرەدا کۆ ئەکاتەوە ،چی ئەکەی بییکە بەڵام دڵی کەس ئازار مەدە.ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش هەر ئەوەی ئەوێت. نە جەنابتان ئایینی ئیسلام لە خەڵک بشێوێننو،

هەرزارەهای کوڕی گەنجو ، خەڵکی لێ دوور بخەییتەووە.    بەسییەتی بەس قسەی هەلەقو مەلەق بکەن ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکوو خۆی بۆخەڵک ڕوون بکەنەوە.

با خوا لەمە زیاتر غەزەبتان لێنەگرێت. من موسڵمانیشموو لەوەتی هاتوومەتە ئەورووپا ئەزانم ئیسلام لە ئەرو–پاییە نەک لەلای ئێووە{من سلم بلسانە و یدییە].

بەرێزان مەسوولیین، هەموو کەس ئەزانیت ئێوەش بۆ بە قسەیان ئەکەن، بەوە باری سەرشانتان سووک نابێت. ئێوەش بگەڕینەوە بۆ ڕاستیو لە کەس مەترسن.هەر کەسێکیش قسەی کرد بەبێباکانە وەڵامی بدەنەوەخۆتان مەکەن بە کەڕەی شەربت.خەڵکیش ئەزانێت وەڵامی ڕاست کامەیە.ئێوەش خەڵک مەشێوێنن.{شاباشی خۆتان بدەنو قنج هەڵپەڕن} بەتەمای ئەوە مەبن میللەت هەڵبخەلەتێت لارو وێری گەندەڵەگان هەمو خەڵکی هوشیار کردوەتەوە کەسێک ئەتوانێت گەندەڵی چار بکات کەخۆی دەنگی دلێر بێت مێژوو رەحمی بۆکەس نییە.

هۆڵەندا/ لاهای
N_hawrami@hotmail.com